**پرۆفیسۆر قوسەنتین دانپۆلس لە زانکۆی کۆلۆمبیا بۆ گوڵان:**

# بوونی بنکەیەکی ئەمەریکی لە کوردستان لە بەرژەوەندی ئەمەریکادایە و پێموایە دەبێ ئەو بنکەیە لە کوردستان دابمەزرێت



**پرۆفیسۆر قوسەنتین دانپۆلس کە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی کۆلۆمبیا، تایبەتمەندو تۆژەرە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا سەبارەت بە تورکیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خاوەنی چەندین کتێبە لەم بوارەدا، هەروەها چەندین دیراسە و تۆژینەوەشی لەسەر پێکهاتەی عێراق و هەروەها ئێران و ناوچەکە هەیە.**
**لەم بارودۆخەدا کە عێراق لەسەر ئاستی سیاسی و سەربازی بۆتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی کێشە ئیقلیمی و ناوچەییەکان، گوڵان بەپەسەندی زانی کە هەڤپەیڤینێک لەگەڵ پرۆفیسۆر قوسەنتین ئەنجامبدات و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە:**

### عێراق سیفەتی کۆمەڵگای نییە و بەهێز پێکەوە لکێنراوە

گرفتی سەرەکیی عێراق لەوەدانییە کە هەوڵبدرێت کێشەکانی چۆن چارەسەر بکرێت، بەڵکو گرفتی سەرەکیی عێراق لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەموو لا هەوڵدەدەن هەڵەیەک بپارێزن کە بۆتە هۆکاری ناسەقامگیری عێراق هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە. ئەو عێراقە یەکپارچەیەی کە هەموو لایەک جەختی لەسەر دەکەنەوە، ئەو عێراقە بە زۆر دروستکراوەیە کە لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا بۆ بەرژەوەندی بەریتانیا پێکەوەنرا، هەر بۆیە کە باسی ئاییندەی عێراق دەکەین، باس لە ئاییندەیەکی هەڵە دەکەین.
دەربارەی ئاییندەی عێراق پرۆفیسۆر قوسەنتین بەمجۆرە رای خۆی بە گوڵان راگەیاند: «من پێموایە لە چەندین رووەوە عێراق بنەمای کۆمەڵگای تێدانییە لەبەر ئەوەی هەر لە سەرەتاوە هەوڵدراوە بە زەبری هێز کۆمەڵگایەک بەناوی کۆمەڵگەی عێراق دروست بکەن و پێکەوە بیهێڵنەوە، هەر بۆیە عێراقی ئاییندە دەبێ شێوەیەکی دیکەی هەبێت، دەبێ لەو عێراقدا بۆ سێ پێکهاتە سەرەکییەکە «کورد، شیعە، سوننە» زەمینەیەکی وا برەخسێنرێت هەتا بتوانن پێکەوە بژین و پێکەوە کاربکەن، ئەم سیستەمەی ئەم زەمینەیەش دەڕەخسێنێ، دەبێ سیستەمێکی کۆنفیدرالّی بێت بۆ هەر سێ پێکهاتەکە، دەبێ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵ بۆ بە یەکگرتوویی هێشتنەوەی ئەم کۆنفیدراڵییە بدات، نەک هێشتنەوەی عێراق لە چوارچێوەی حکومەتێکی سەنترالی بەهێزی وەک حکومەتی پێشووی سەدام حوسێن، هەر بۆیە پێموایە شێوەی کۆنفیدراڵی شێوەیەکە بۆ چارەسەری ئاییندەی عێراق.
لەم سیستەمەدا پێویستە حکومەتە کۆنفیدراڵییەکان نوێنەرایەتی پێکهاتە سەرەکییەکان لەخۆی بگرێت، دەبێت بە تەواوەتی دەسەڵاتەکان دابەشبکرێن، سەرچاوەی داهاتەکانیش دەبێ بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هەر سێ پێکهاتەی سوننە و شیعە و کوردا رێکبخرێن.
دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، ئەوە مەسەلەیەکی زۆر قورس و سەختە، هەوڵبدرێت حکومەتێک لە عێراقدا دابمەزرێت بۆ ئەوەی عێراق بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە.
پێموایە بۆچوونەکانم رەهەندی دوورمەودا بەخۆ دەگرن، پێموایە هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە بەهاوشێوەی سەدام حوسێن عێراق بە زەبری هێز پێکەوە بهێڵرێتەوە، سەدام حوسێن هیچ سەرچاوەیەکی نەبوو بۆ مانەوەی عێراق، بێجگە لە هەژموونی باڵادەستیی هێزەکەی.
هەر بۆیە ئەگەر ئامانج مانەوەی عێراق بێت، بەبۆچوونی پرۆفیسۆر قوسەنتین بەمجۆرە دەبێت:
١- دەسەڵاتەکان دابەشبکرێن، هەر پێکهاتەیەک تەواوی نوێنەرایەتی خۆی و تەواوی دەسەڵاتی هەبێت، حکومەتی عێراق دەسەڵاتی سنوورداربێت.
٢- داهاتەکان بەشێوەیەکی یەکسان دابەشبکرێت.

### کورد تا ئێستاش یارییەکی کراوە دەکات

لەم هاوکێشەیەدا کە کورد بەشێکی سەرەکیی پێکهاتەی عێراقە و ڕۆڵێکی کاریگەر لە بونیادنانەوەی عێراقدا دەگێڕێت، خواستی ئەوەیە کە بتوانێت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەرێمەکەی بەرەوپێشەوە بروات و دیموکراسی و ئابوری گەشەسەندووتر بێت، ئەم خواستەش پێویستی بە پاراستن و پشتگیری هەیە، هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە بارودۆخی عێراق بەو جۆرە لە کۆنترۆڵ دەربچێت کە کورد بێجگە لە بڕیادانی سەربەخۆیی ڕێگەی دیکەی لەبەردەمدا نەبێت لەم حاڵەتەشدا مەترسییەکان زیاتر دەبن.

پرۆفیسۆر دانپۆلس بەمجۆرە پێگەی کوردی لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا خوێندەوە:

«من وای دەبینم پێگەی کوردستان لەم هاوکێشەیەدا ئاڵۆزە، قورسی و ئاڵۆزییەکەش لەو خاڵەوە دەبینم کە کورد تا ئێستاش گەمەیەکی کراوە دەکات، هێندەی هەوڵ بۆ ڕێکخستنەوەی ئابووری هەرێمەکەی دەدات، هێندە کاری بۆ سەربەخۆیی نەکردووە.

من ئومێد دەخوازم ئەم هەوڵانە ببنە هەنگاوێکی باش بۆ سەربەخۆیی، بەڵام ئێستا کوردستان بەرەو گرفتێکی گەورە لەگەڵ تورکیا هەنگاو هەڵدەگرێت، پێمووایە دەبێ ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی درێژ لە کوردستان بمێنێتەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی بتوانێت:

یەکەم/ سەقامگیری هەرێمەکە بپارێزێت.

دووەم/ بۆ ئەوەی مەترسی هەردوو هاوپەیمانی کورد و تورک بڕەوێتەوە.

سێیەم/ بۆ ئەوەی بتوانێت پەیوەندی نێوان کورد و تورک لە چوارچێوەی فیدراڵییەتێکدا لە تورکیا ڕێکبخات ئەگەر ئەم مەسەلەیە ڕوویدا.

ئێستا (ڕەجەب تەیب ئەردۆگان) سەرەک وەزیرانی تورکیا بەو ئاستە گرنگی بەم مەسەلەیە نادات وەک ئێمە گوێبیستی دەبین، هەر بۆیە دەبێت کورد زۆر بە هەستیاری لەم هاوکێشەیەدا گەمە بکات، ئومێدیش دەخوازم لەم گەمەیەدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆزە.

### ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان کورد و تورکیا دەچێتەوە واشنتۆن

ئەگەر هەرێمی کوردستان و تورکیا وەک دوو هاوپەیمانی ئەمەریکا نەتوانن پەیوەندییەکانی خۆیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و ڕێزی هاوبەش ریکبخەن، ئەوا ئایندەی ناوچەکە ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە و بە زیانێکی گەورەش بۆ سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکە دەشکێتەوە، دەربارەی چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەم پەیوەندییە پرۆفیسۆر قوسەنتین گوتی: «من پێمووایە پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەچێتەوە بۆ واشنتۆن، واشنتۆن دەبێ لەم کاتەدا ئاگاداری کورد بێت و بزانێت لەلایەن هاوپەیمانێکەوە کە تورکیایە هەڕەشەی لێدەکرێت، ئەم پەیوەندییەش زۆر زۆر حەساسە، دەبێ پەیوەندیی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا زۆر زیاتر بێت.

ئەگەر تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، ئەوا تورکیا ڕێگە دەدات کە زمانی کوردی لە تورکیا بەکاربهێنرێت و پەیوەندی کوردی تورکیا لەسەر ئاستی کەلتووری لە تورکیا زیاتر بەرەوپێشەوە بچێت.

بەڵام لەم بارودۆخەدا ئەمە بۆ واشنتۆن زۆر قورسە بتوانێت پشتگیری کورد بکات، لەبەرئەوەی تورکیا حاڵی حازر پەیوەندی زیاتر لەگەڵ واشنتۆن هەیە تا ئەوروپا.

### عێراق ئێستا دابەشبووە و دەبێ کوردستان بپارێزرێت

ئەو ڕێوشوێنانەی عێراق بە یەکگرتوویی دەهێڵێتەوە، هەنگاوی بۆ هەڵناگیرێت و بۆ پێکهاتنەوەی لایەنەکانیش هیچ ئاسۆیەک دیار نییە، لەم حاڵەتەدا دەبێ خۆمان بۆ ئەگەری ئایندە ئامادە بکەین کە ئەویش ئایندەیەکی نادیارە، دەربارەی ئەم ئایندە نادیارە، پرۆفیسۆر دانپۆلس بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو:

«پێموایە مەسەلەی دابەشبوونی عێراق بۆتە ئەمری واقیع، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵدەدا جۆرێک لە یەکپارچەیی عێراق بپارێزێت، بەڵام یەکپارچەیی پێشووی عێراق تەواو بووە، هەر بۆیە هەر جۆرێک لەو پێشنیارانەی بۆ عێراق دەکرێت ئەگەر ڕووبدەن عێراق دەبێتە ئاژاوە، ئەمەریکا ئەوەی لێبی نەترسێت کوردستانە، بەڵام لە ناوچەی سوننە و شیعە و بەغدا زۆر بە زەحمەت بارودۆخەکەی بۆ ڕێکدەخرێتەوە، هەر بۆیە من بە تەواوی لەگەڵ بۆچوونەکەی سیناتۆر (جۆزێف بایدن) کۆکم منیش لەگەڵ ئەوە نیم ئەمەریکا تەواوی هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە، پێموایە مانەوەی هێزەکانی لە بەرژەوەندی ئەمەریکادایە، ئیدارەی ئەمەریکییش هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە بەهەر جۆرێک بێت سەقامگیریی عێراق بپارێزێت، هەر لەم پێناوەشدا بڕیاری داوە لەگەڵ ئێران و سوریا وتوویژ بکات، هەر بۆیە من ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتی بیکەر-هاملتۆن بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بە ڕێگەچارەی نازانم و لەم بارودۆخەدا ناتوانرێت پێشنیاری لەو جۆرە قبوڵ بکرێت، بۆیە دەبێت بۆ ڕێگەیەک بگەڕێین کە ئاستی زیانەکانی هێزەکانی ئەمەریکا کەمبکرێتەوە، بۆ ئەمەش بە چاودێریی حکومەتی عێراق هەوڵدەدات ئێران بەشداربێت لە سەقامگیریی باشوورو سوریا بەشداربێت لە سەقامگیریی ناوەراست، بەڵام بەبۆچوونی من ئەمەریکا دەبێت لە هەموو حاڵەتێکدا لە کوردستان بمێنێتەوە.

### دەبێ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەسەر ئەم هەڵوێستەی ئێستای بەردەوام بێت

هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەم بارودۆخەدا، هەڵوێستێکی لۆژیکانە بووە و بەپێی ئاستی گۆڕانکاری و بەرەوپێشەوەچوونی ڕووداوەکان هەنگاوی هەڵگرتووە، ئایا ئەم هەڵوێستە کورد دەگەێنێتە کەناری ئارامی؟

لە وەڵامی دوایین پرسیاری گوڵاندا پرۆفیسۆر قوسەنتین دانپۆلس گوتی: «من دەخوازم سەرکردایەتی کورد لە سەر ئەم هەڵوێستەی ئێستایان بەردەوام بن و لە حەساسییەتی بارودۆخەکە تێبگەن، دەبێ بزانن هەلێکیان بۆ هاتۆتە پێش، بەڵام بارودۆخەکەشیان سنووردارە، هەر بۆیە دەبێ تەنیا بیر لەوە نەکەنەوە، بەوەی دەتوانن هەموو شتێک بەدەستی خۆیان ئەنجامبدەن، دەبێ پشت بە دۆست و هاوپەیمانەکانیان ببەستن و لۆژیکانە هەنگاو هەڵبگرن، ئەمەش لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە زۆر سنووردارکراوە.

لەوانەیە لە زۆر حاڵەتدا تورکیا ڕێگە بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان بدات، بەڵام ئەمەش پێویستی بە هەنگاوی لەسەرخۆ و واقیعبینی هەیە هەروەک لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا پیادەی کردووە، دەبێ ئەم ئاراستەیەش تەواو بکەن.

**گرفتی سەرەکیی عێراق لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەموو لا هەوڵدەدەن هەڵەیەک بپارێزن کە بۆتە هۆکاری ناسەقامگیری عێراق**

**کورد هێندەی هەوڵ بۆ ڕێکخستنەوەی ئابووری هەرێمەکەی دەدات، هێندە کاری بۆ سەربەخۆیی نەکردووە**

**ئەمەریکا دەبێت لە هەموو حاڵەتێکدا لە کوردستان بمێنێتەوە**